هاوردەکردنی بەنزین لە دەرەوەی عێراق کەمیکردوە بە نیوە

حسێن تاڵیب، بەڕێوەبەری گشتی کەمپانیای دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکانی عێراق ڕایگەیاند، دوای بەگژداچوونی پاڵاوگەی کەربەلا، هاوردەکردنی بەنزین ڕۆژانە کەمبووەتەوە لە 14 ملیۆن لیتر بە حەوت ملیۆن لیتر.

دەشێت: حکومەتی عێراق لەهەوڵی بەردەوامدایە بەتایبەتی وەزارەتی نەوت بە فراوانکردنی کاری وەبەرهێنان لەبواری نەوت و غاز و ڕاگرتنی هاوردەکردنی بەنزین لە دەرەوە.

بەڕێوەبەری گشتی کەمپانیای دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکانی عێراق ئاماژەی بەوەشکردووە، بە وەبەرهێنانی نەوت بەشێوەیەکی دروست و بنیاتنانی پاڵاوگەی نوێ و پێویست بە بەرهەمهێنانی بەنزینی ناوخێیی، حکومەت پلانێکی ستراتیجی بە داهاتوو داشتووە.